وانەی سێیەم- بارودۆخی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی هەتا کۆتایی سەدەی سێیەم:

پ.ی.د. هلز عنتر ولی

2023 /1 /26

مراكز الحضارة الرومانية
أوروبا
المحيط الأطلسي
فرنسا
نهر الدانوب
بحر بنطس (الأسود)
البرتغال
إسبانيا
إيطاليا
روما
البحر الادرياتيكي
البحر التيراني
البحر الأيوني
اليونان
آسيا الصغرى
آسيا
طرسوس
قبرص
فينيقيا
كنعان
البحر الكبير (المتوسط)
الاسكندرية
برقة
لوبيا (ليبيا)
مصر
إفريقيا
مورطانية الوسطى
قرطاجة
صقلية
سردينيا
كورسيكا
برشلونة
مارسيليا
جينوا
بيزنطة
lovely0smile.com

ڕۆما هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە سێ ڕژێمی فەرمانڕەوایی بەخۆیەوە بینی

1

ڕژێمی پادشایەتی : لە ساڵی (□□□ پ.ز) هوە درێژ دەبێتەوە تا ساڵی□نی□بر□ز ، لەو سەردەمەدا ڕۆما فراوانتر بوو و دەسەڵاتیشی زیاتر بوو

2

ڕژێمی کۆماری بوو کە ئەویش لە نێوان ساڵەکانی نی□بر□– □یرپ.ز درێژبۆوەو بەردەوام بوو، لەم سەردەمەشدا ڕۆما لە دەرەوە فراوان بوو و ڕژێمی فەرمانڕەوایی ڕۆمانی زیاتر پەرەیسەند

3

ڕژێمی ئیمپراتۆریەت کە ئەویش لە ساڵی □یرپ.ز درێژ دەبێتەوە هەتا رووخانی ڕۆما لە ساڵی □□شمز.

لەم وانەیەدا کۆشش بۆ ناسین‌و زانینی بارودۆخی سەردەمی ئیمپراتۆریەت دەکەین هەر لە سەرەتاکەیەوە تا کۆتایی سەدەی سێیەمی زاینی.



1.بارودۆخی سیاسی:

سـەردەمی ئیمپراتۆری بۆ دووبەش دابەش دەبێت:

یـەکەمیان: بە ئیمپراتۆریی دەستووری ناسراوە کە لە نێـوان ساڵەکانی 27پ.ز درێژ دەبێتـەوە.

دوومیان: ئیمبراتوریی مطلق کە دەست پێ دەکات لە سەردەمی دقلدیانوس هـەتا رووخانی رۆما لە ساڵی 476ز.

دوای سـەرکەوتنی ئوکتافیـۆس لە شـەڕی ئەکتیۆم ساڵی 31پ.ز بەسەر دژبەرەکەی مارکۆس ئەنتۆنیـۆس و هاوپەیمانەکەی کلیۆپاترای حەوتەم.

بەمەش گۆڕەپانی سیاسی لە ڕۆما بۆی چۆڵ بوو تاکو ببێتە فەرمانڕەوای یەکەم و کار لەسەر دامەزراندنی ڕژێمێکی نوێ بکات و دەستوورێکیش دەربکات کە تیـایدا پـارێزگاری لە ڕژێمی کۆماریی کۆن بکات، هەر خۆیشی پلەیەکی نوێی داهێنا کە ئەویش فەرمانڕەوای باڵا بوو، هەر کەسێك ئەو پلەیە بەدەست بهێنێت دەبێتە ئیمپراتۆر.

ئۆکتافیۆس جەختی لەوە کردەوە کە زۆربەی دەسەڵاتەکان لە ژێر دەستی خۆیدا بێت، وێڕای ئەوەی ڕژێمی نوێ لەسەر بنەمای جووت دەسەڵاتی نێوان ئیمپراتۆرو ئەنجومەنی پیران پێکهاتبوو، بەڵام دەسەڵاتەکانی ئەمەی دواییان –ئەنجومەنی پیران– لە ڕووی یاسادانان و دادوەری و کارگێڕییەوە تا ئاستێکی زۆر بەرتەسك کرایەوە، وەك ئەوەی پێشتر لە سەردەمی کۆماریدا هەبوو.

رژێمی ئیمپراتۆری لە ماوەی یەکەمیدا تووشی چەندین گرفت هات:

وەکو نەبوونی یاسای بۆماوەیی جێگیر، ئەمەش وایکرد کەموکووڕی لە سیستەمەکەدا هەبێت، بە جۆرێك سوپا ئیمپراتۆر دابمەزرێنێت، کە پێشتر خۆی لە خزمەتی ئیمپراتۆردا بوو.

لەگەڵ سەردەمی فەرمانڕەوایی دەقلدیانۆس ئیمپراتۆریەت گوازرایەوە بۆ رژێمی فەرمانڕەوایی رەهای ئیمپراتۆر، بەمەش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا بێت و دەستێوەردانی لە هەموو کاروبارەکانی دەوڵەتدا کردو سەرکردایەتیی سوپای هەبوو، هەروەها بازنەو خەرمانەیەکی ئاینی لە دەوری کەسی ئیمپراتۆر دانا.

2. بارودۆخی سەربازی:

لە سەدەی سێیەمی زاینی دەسەڵاتی سوپا زیادی کرد، هەتا گەیشتە ئاستی لادان‌و دامەزراندنی خودی ئیمپراتۆرو دانانی کەسانی دیکە لە شوێنی، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی سوپای رۆمانی گەیشتبووە ئەو دەسەڵاتە گەورەیە لە ناو دەوڵەت، ئەو ئامۆژگارییە بوو کە ئیمپراتۆر کاراکلا (211-235ز) پێشکەشی کورەکانی کرد کاتێك گوتی: "زۆربەی بەخششەکان بدەنە سەربازەکان‌و بایەخ بەوانەی دیکە مەدەن".

دەستێوەردانی سوپا لە کاروباری ئیمپراتۆریەت بە شێوەیەکی دیار لە ئارادابوو، تا ئەو ئاستەی لە ماوەی نێوان 235 – 285ز بیست‌و پێنج ئیمپراتۆر کوژران، لە بەرانبەردا مەترسییە دەرەکییەکان بۆ سەر ئیمپراتۆریەتەکە زیادی کرد:

- لە لایەکی فشاری جرمانی بە تایبەتی لە هەردوو لایەنی راین‌و دانووبەوە زیادی کرد
- لە لایەکی دیکەشەوە مەترسیی فارسیش لە بەرەکانی ئاسیاوە زیاتر بوون.

دەقلدیانۆس دوای گەیشتنی بە دەسەڵات بڕیاری:

چاکسازیی قووڵی سەربازی دا:

- **دووبارە سوپای ڕێکخستەوە**
- **تیپ و یەکەی نوێی دامەزراند**
- **ئاستی ئامادەکردنی سەربازانی بەرزتر کردەوە**
- **هەر لە سەردەمی ئەودا توانرا بەسەر بزووتنەوە جووداخوازەکاندا زاڵبن**
- **ڕۆمان ویلایەتی نێوان دوو رووبارەکەیشی بە تەواوی لە فارسەکان سەندەوە.**

3. بارودۆخە ئابوورییەکان:

لە سەدەی یەکەم و دووەمدا بواری ئابووری بووژانەوەیەکی بەرچاو و گەورەی بەخۆیەوە بینی، هۆیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ

- دابینکردنی بازاڕی نوێ لە رۆژئاوا
- کاتێکیش ئاشتی لە وڵاتدا بەرقەرار بوو لە رووی ئاسایشو سەقامگیرییەوە، توانرا بزووتنەوەو چالاکیی بازرگانی و کردنەوەی ڕێگەی بازرگانیی نوێ زیاتر بکرێن

کەچی ئەم دۆخە لە سەدەی سێیەم بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات، چونکە لە ناو ئیمپراتۆریەتەکە ئاژاوەو جەنگی خۆبەخۆ باڵیان بەسەر دۆخەکەدا کێشاو شەڕی ناوخۆیی زۆربوون، کە بوونە مایەی خەراپەکاریو گەندەڵی لە بەروبوومەکانو وایان لە ڕێگە بازرگانییەکان کرد کە ئیدی سەلامەت نەبن.

- تێچووەکانی دەوڵەت لە زیابووندا بوو، ئەوەش بە زیادبوونی ژمارەی سەربازان لە سەدەی سێیەمی زاینی و زاڵبوونی سوپا بەسەر دەسەڵاتدا، چونکە لایەنێکی زۆری دارایی ئیمپراتۆریەتەکە بۆ خزمەتی دەستەی سەرکردە سەربازییەکان لە جیاتی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی دانیشتوان خەرج دەکرا.

- لە لایەکی دیکەوە دراو بەهای خۆی لەدەستداو مامەڵکردن پێی هێدی هێدی دەستی بە نەمان کرد، هەتا حاڵ گەیشتە ئەوەی دەرماڵەو کرێی کاریش بە دانەوێڵە بدرێ لە جیاتی پارە، هەروەها چالاکیی بازرگانیش راگیرا، ئەوەش لە سۆنگەی زیادبوونی بێئەندازەی باج لە سەر کالا بازرگانییەکان.

- دەقلدیانۆس لە ماوەی دەسەڵاتیدا چارەسەری قەیرانی خنکاوی ئابووری کرد، کە ئیمپراتۆریەتەکەی تێیکەوتبوو و بەدەستییەوە دەینالاند، وێڕای شکستخواردنی لەو لایەنە چاکسازییە، کەچی لە پاراستنی هەژاران لە چاوچنۆك و چەوسێنەرەکان سەرکەوتوو بوو.

4. بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان:

لە سەدەی سێیەمدا ناکۆکی و ململانێ لە نێو چینەکانی کۆمەڵگە توندتر بوو وێڕای دەرکردنی یاسای پێدانی رەگەزنامە بۆ هەموو دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە سەردەمی ئیمپراتۆر کراکلا لە ساڵی 1212ز،

ئەو جیاوازی و ململانێیەی زیادبوو نێوان چینەکان دوای بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت لە نێوان خەڵکی بە گشتی بە هۆی ئەو چەوساندنەوەیەی دژی باوەڕدارانی ئاینە نوێیەکە بوو، کە لەسەردەمی ئیمپراتۆر دەقلدیانۆس گەیشتە لوتکەی.

وانەی چوارەم– دەرکەوتنی مەسیحیەت و هەڵوێستی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەرانبەری:

لایەنە باشییەکەی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەی یەکەمی مەسیحی لە ناو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و دانانی فەلسەفەی ئەم ئاینە، وەك رەوشت و ئاکارو ئەوانەی ئەو دونیا، وەکو: مردن و زیندووبوونەوەو لێپێچینەوەو حیساب و نەمری بۆ قدیس پۆلسی، بەمەش مەسیحیەت لە ناوەندەکانی کۆمەڵگەی رۆمانی دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد، بە تایبەتی ئەم ئاینە بۆشایی رۆحی تێرکرد کە دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەدەستییەوە هەڵوەدا بوون و دەیاننالاند.

چەندین هۆکار هەبوون تاکو بەشداری لە سەرکەوتنی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی مەسیحیەت بکەن لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی رۆمانی و دیارترینیان:

1. پشتبەستنی موژدەبەخشان (المبشرین) بە زمانی یۆنانی کە لە ناوەندە میلییەکانی بەشی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکە بڵاوبووبۆوە،
2. خۆڕاگریی مەسیحییەکان لە بەرانبەر ئەو چەوساندنەوەیەی کە لەلایەن دەسەڵاتەوە رووبەڕوویان دەبۆوە

ئەمەش بووە مایەی سەرسامیی خەڵکی و ورووژاندنی پرسیار سەبارەت بە بایەخی ئەو باوەڕەو ئەوەی مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو خۆڕاگرییەدا بەدەستی دەهێنێت، تاکو دەرگاکە بە فراوانی بکاتەوە لەبەردەم ئەو ئاپۆرا زۆرەی خەڵکی بۆ باوەڕهێنان بە ئاینی مەسیحی.

مەسیحییەت لە ناو ئیمپراتۆریەتەکە تاکە ئاین نەبوو، کە دەستی بە بڵاببوونەوە کردبوو، بەڵکو چەندین ئاینی دیکەش شانبەشانی ئاینی مەسیحی هەبوون، بە تایبەتی لە ئیمپراتۆریەتەکەدا ئازادیی باوەڕداریی ئاینی بۆ هاووڵاتیی رۆمانی دەستەبەرکرابوو، تا ئەو کاتەی دان بە پەرستنی ئیمپراتۆرو باوەڕەکەیدا بنێت و هەڕەشە لە سەلامەتی ئیمپراتۆریەتەکە نەکات

کەچی هێندەی نەخایان دەسەڵاتی رۆمانی هەستیان بەو مەترسییە کرد کە ئاینی مەسیحی دەیخاتە سەر ئیمپراتۆرەکەیان، چونکە باوەڕدارانی ئاینی نوێ رەتیان کردەوە ئیمپراتۆر بپەرستن و بە نهێنی کۆدەبوونەوە بۆ ئەنجامدانی بۆنە ئاینییەکانی خۆیان، هەروەها بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی مەسیحیەت لە ناوەندی چینە ستایشکارەکان وای لە دەسەڵاتی رۆمانی کرد وا سەرنجی لێ بدەن کە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییەو ئامانجی گۆڕینی رژێم و دەسەڵاتە، بەمەش ئیمپراتۆریەتەکە هەڵمەتێکی چەوساندنەوەی دژی ئەوانە گرتەبەر کە هەڵگری ئاینی مەسیحی بوون بۆ ماوەی دوو سەدە، بەرلەوەی وەکو ئاینێکی فەرمی دانی پێدابنرێت.

گرنگترین ئەو جەورو ستەمەی کە هەڵگرانی ئاینی مەسیحی لە لایەن ئیمپراتۆرە رۆمانییەکانەوە رووبەڕووی بوونەوە، لەم خاڵانەی خوارەوە پوخت بکەینەوە:

1. **زوڵمو ستەمی ئیمپراتۆر نیرۆن کە لە ساڵی 64ز مەسیحییەکانی بە سووتاندنی هەندێك لە شەقامەکانی رۆمای تاوانبار کردو هەردوو قەشە بوترسو پۆلسی لە سێدارەدا.**
2. **زوڵمو ستەمی ئیمپراتۆر دۆمتیانۆس کە بە دووەمین ئیمپراتۆر دادەنرێت سیاسەتی چەوساندنەوەی دژی مەسیحییەکان گرتەبەر، بە تایبەتی لە ناوچەکانی ئاسیای بچووك، بەڵام هەندێك کەس گومان لە رووداني ئەو ستەمو چەوساندنەوەیە دەکەن.**
3. **ئەو زوڵمو ستەمەی لە ساڵی 106ز لە سەردەمی ئیمپراتۆر تراجان رووویدا، کە فەرمانی بە قەڵاچۆکردنی مەسیحییەکانو سووتاندنی کتێبەکانیان دا.**
4. **دەرکردنی بڕیارێکی ئیمپراتۆریانە لە لایەن ئیمپراتۆر ڤالیریان لە ساڵی 257ز کە تیایدا فەرمانی بە دەستبەسەرداگرتنی موڵكو ماڵی کڵێسەدا گرتو پیاوەکانی دوورخستەوەو هەندێکیشی لە سێدارەدان.**

5. زوڵمو ستەمەکانی ئیمپراتۆر دەقلدیانۆس کە چەندین بڕیاری ئیمپراتۆریانەی لە ساڵەکانی 303- 304ز دەرکرد بە قەدەغەکردنی نوێژی مەسیحییەکان و فەرمانکردن بە رووخاندنی کڵێسەکانیان و سووتاندنی کتێبەکانیان و زیندانیکردنی مەتران و قەشە مەسیحییەکان و دەرکردنیان لە کارە حکومییەکان و ئەشکەنجەدان و کوشتنی هەر کەسێك پەیوەندیی لەگەڵ ئەو ئاینە هەبێت، بۆیە مەسیحییەکان بە ماوەی کۆتایی فەرمانڕەوایی دەقلدیانۆسیان دەگوت "سەردەمی شەهیدان"، لە سۆنگەی ئەو توندڕەوییەی کە دژی مەسیحییەکان هەیبوو، هەروەها کەنیسەی قپتی تا ئێستاش مێژووی رووداوەکان و ساڵی گەیشتنی ئەو ئیمپراتۆرە بە فەرمانڕەوایی وەکو مێژوو یاد دەکاتەوە، ئەوەش وەکو یادکردنەوەی ئەو ئازارو نەهامەتییانەی لەو سەردەمەدا چەشتوویانەو بۆ ئەمەش رۆژژمێری قبطي لە رۆژی 29ی ئوتی 284ز دەست پێ دەکات

لەگەڵ گەیشتنی ئیمپراتــۆر قوستەنتینی یەکەم بە دەسەڵات، سیاسەتی ئاینی ئیمپراتۆریەتەکە گۆڕانی بەسەردا هــاتو ئیمپراتۆری تازە دەستی بە پشتگیریی کڵیسەو ڕێگەی بە بڵاوبوونەوەی ئاینەکەدا، دیاترین فەرمانیش، بڕیــاری میلان بوو کە لە ســاڵی 313ز دەرچوو و تیایدا ئازادی تەواوی بە ئــەنجامدانی بۆنە ئاینییەکانی مەسیحیەتداو لەگەڵ ئاینەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەتەکە یەکسانی کردن.

ئاینی مەسیحیەت دوا هەوڵی لەناوبردنو نەهێشتنی لە سەردەمی ئیمپراتۆر جولیان (361- 363ز) بەخۆوە بینیوە، کە لە مەسیحیەت هەڵگەڕایەوەو دووبارە بتپەرستی گرتەوە بەر، تا وای لێهات بە "جۆلیانی هەڵگەڕاوە" ناسراو چەندین ڕێوشێنی لە بەرژەوەندیی بتپەرستی گرتەبەر وەك :

- لە کردنەوەی پەرستگەکانیان
- دامەزراندنی بتپەرستەکان لە پلەوپایەی گرنگ بە دەوڵەت
- فەرمانکردن بە بەرزکردنەوەی دروشمی بتپەرستی لەسەر چەکی سەربازەکان لە جیاتی دروشمی مەسحییەکان

بەڵام تێکڕای ئەم هەوڵانە بە خێرایی شکستیان خواردو مەسیحیەت گەڕایەوە شوێنو پێگەی خۆی، ئەوەش دوای مردنی جۆلیانی هەڵگەڕاوە، بەمەش ئاینی مەسیحی لە بڵاوبوونەوە بەردەوام بوو تاکو بووە ئاینی فەرمی دەوڵەت

وانەی پێنجەم- ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لە سەردەمی دەقلدیانۆس و قوستەنتین